# بۆ ڕێبوارەکەی ڕێی ئازادی و پێکەوەهەڵکردن (ئارام) !

سیروان کاروانی

چەند ئەستەمێکی مەزنە، وەختێک ئازارە تۆزاوییەکانی هەنیی کارەساتە چاوەڕوان نەکراوەکانی مێژوو،
بە ڕەهێڵەی مەرگەوە بەرەو پیریی مرۆڤ دێن و ئەنجام دەیخزێننە باوەشی گرە سوورە هەڵچووەکانی حەسرەتەوە.
چەند ژانێکی گرانە، ئەو کاتەی ڕۆژەکانی مێژووی دڵی شارێک دەخنکێندرێن و جارێکی تر نابووژێنەوە.
ئای کە تەزوویەکی سارد و بەرقئامێزە وەختێک ڕێبوارێک لە ژیان دادەبڕێ و تا ئەبەد بێ بەهار و باران و ئەڤین و
خۆشەویستی دەبێ و لە زەریای وەستاودا ئارام دەگرێ.
ئای چ ئافاتێکە، وەختێک پەلەی هەورە چلکنەکانی ئەجەل تەواوی وەرزەکانی ساڵ
بە ئاسمانەوەن و بۆ ساتێکیش نارەوێنەوە.
ئای چ ئافاتێکە، وەختێک باڵندە کۆچەرییەکان لە نەسیمی ئاسمانەکەیان نامۆ دەکرێن و
بۆ ساتێکیش لە شەقەی باڵ نادەنەوە.
مەحاڵە
مەحاڵە شیباکانی دەرەوەی تەنگیسەر بەقەدەر ٣١ی ای ٧٨ تاڵ و سوێریی قورگی باهۆزەکانیان چێشتبێ،
ناکرێ بلوێری شوانەکانی دەشتەکەی تەنگیسەر بەقەدەر ئەو ڕۆژە هەناسەکانیان لێ خنکێنرابێ،
ئەو ڕۆژە بوو، دەستە بەوەیەکان ڕێبوارەکەیان بێ گیان کرد
ئەو ڕۆژە، ئەوان ڕێچکەڕێی زەمینەکەیان بێ ڕێبوار کرد
ئەوان بە دەستریژێک ڕێبوارەکەیان پێکا
دەستە بەوەیەکان وەک گورگی برسی بەرەو لاشەی ڕێبوارەکە هەڵیانکوتا
دەستە بەوەیەکان باخەڵە شڕەکانی ڕێبوارەکەیان پشکنی و هەویەی ئەنوەر ناوێکیان تێدا بەدی کرد،
دەستە بەوەیەکان هەویەکەیان دەست دایێ و بۆ سەر مێزی دێوەزمەکانیان برد
تا ئەو ڕۆژە
تا ئەو ڕۆژە، کەس نەیدەزانی بلوێری شوانەکان هێندە دووربین ئاسمان
ئەی بلوێری شوانەکەی تەنگیسەر نەبوو، تەرمی ڕێبوارەکەی پێشان دا،
ئەی شوانەکەی تەنگیسەر نەبوو بلوێرەکەی هەڵدەتەکاند و ئاواییەکەی بەئاگا هێنا.
ئاخر
ئاخر ڕێبوارەکە، گیرفانەکانی پڕ بوون لە سیمای ئەڤین و خۆشەویستی
ئاخر ڕێبوارەکە، هەنیی نەخشێنرابوو بە ئارەقەی ڕێی ئافات و نشێو و هەورازی
ئاخر ڕێبوارەکە سەر لێوەکانی پڕ بوون لە سۆزی ژیان و زەردەخەنەی شادی
ئاخر ڕێبوارەکە هێزی ڕەواندنەوەی مۆتەکانی ژوانی تەنیایی و ڕووناکیی شەوە نووتەکەکان و
عەسای دەستی ڕۆژگارە چاوکزەکانی ئەوسا بوو.
کە تەنگیسەرییەکان هاتن و دەستە سڕەکانی ڕێبوارەکەیان کردەوە:
ڕێبوارەکە مستێک ڕووناکیی لە دەستەڕاستدا بوو، کە تەنها لە شەوەزەنگەکاندا خۆی خۆی پێدەکرد،
ڕێبوارەکە مستێک نەسیمی لە دەستەچەپدا بوو، کە لە ڕۆژەنەگریسەکاندا هەر بەخۆی هەڵیدەکرد.
ئەو ڕۆژە، دەشتودەر سەرتاپا سەوز بوون: جل سەوز، ڕەنگ سەوز، دەوروبەر و هەموو نیشتیمان سەوز

www.kurdistannet.org

لەو ئاسمانەدا، گیانە شادەکانی تر کەم کەم خۆیان پیشان دەدا هەروەک ئەوەی چاوەڕوانی کەسێک/شتێک بن،

گیانە شادەکان، بۆ ساتێکیش ئۆقرەیان نەدەگرت

لەناکاودا، گیانی ڕێبوارەکەش بەرەو ئاسمانی ئەو خاکە بەرز بۆوە و مالئاوایی کرد.

تەنگیسەرییەکان غەمێکی سامناک دایگرتن کە هێندەی ناسۆریی لەدەست دانی هەموو گیانەکان حەسرەتیان کێشا.

تەنگیسەرییەکان تەرمەکەیان هێنا، بە گۆڕستانی ئاواییەکەیان سپارد و

لە باران و ئەڤین و ئاسمان پاڕانەوە

لە باغانی خودا جێی ئەویش ببێتەوە

هەتا ئەمڕۆش ڕێبوارەکان سرووودێک دەڵێنەوە:

دە بنوو ئەی هاواری نەسیمەکان و باڵی ناسکی پەپوولەکان

دە بنوو ئەی شەمی ڕووناکی ناخی شەوەنووتەکەکان

دە بنوو ئەی بازووی گورزوەشێنی دەستی چەوساوەکان

× ئەنوەر ناوی شەهید ئارام بوو لەو هەویەیەی بکوژەکان پاش شەهید کردنی لە گیرفانیان دەرهێنابوو.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥–١–٢٠٠٣